کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
13-2-2007 22:27 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## وەڵامێک بۆ کونجرینی دەربارەی شەهیدی نەمر عوسمان قادر منەوەر ... ساسان دەروێش

هۆڵەندا

من وەک خزمێکی زۆر نزیک لە شەهیدی نەمر (عوسمان قادر منەوەر) ناسراو بە (خاڵە عەفان) ە وە، کاتێک بابەتەکەتم خوێندەوە لە ماڵپەڕی کوردستان پۆست کە لە بەرواری (2007/2/9) بڵاوکراوەتەوە، وێڕای سوپاسم بۆ بەڕێزت بۆ پێشەکی نوسراوەکەت، سەبارەت بەخاڵە عەفان، بەڵام چەند تێ بینیەکم هەبوو، لام سەیرە دوای ئەو چەندساڵەی شەهیدبوونی خاڵە عەفان، ئەم چەند بە سەر هاتەت گێڕاوەتەوە، خۆت گووتەنی دوور لە زانیاریەکی پێویست لە سەر ژیان و مێژووی خاڵە عەفان، ڕاستە خاڵە عەفان قسە خۆش و خۆشەویستی ناو جەماوەر و پێشمەرگە بووە، بەڵام ئەم بە سەر هاتانەی بەڕێزت نووسیوتە هەرهەمان بابەتە کە لە دوێنێ ی چەواشەکاری سەردەمی شاخ دەرهەق تێکۆشەران ئەکرا. کە بریتی بوون لە قسەی سارد و سوک و تانە و تەشەرە، ئەمرۆش تۆ وەک خۆی گەرمی ئەکەیتەوە،



کە زۆربەیان دوورن لە ڕاستیەوە بەڵکو بوختان بووە بۆ ئەو شەهیدە نەمرە، دواتر بەڕێزت لە نوسراوەکەت دا هێندەی بەم مەسەلەیەوە خۆت خەریک کردوە، نە ئەکرا درێژە بەو پێشەکیەی نووسراوەکەت بدایە و خەباتی 30 ساڵی خاڵە عەفان نیشانی نەوەی نوێ بدایە و هەموو خوازیاری ئەوە بوینایە هەموو نیشتیمان پەروەرێک وەک (خاڵە عەفان) بەو مەزنیە میللەتەکەی ماڵئاوایی لێ بکردایە و بەشداری مەراسیمی ناشتنی بکردایە، دیارە ئەو هەل ومەرجە زۆر نالەبار بوو هەموو هەڵوێستەکان قەدەغەبوو لە و سروودە دەچوون کە هیچ ئاوازێک دالدەی نەدا، بەڵام خۆشەو یستی (خاڵە عەفان) و خەباتی نەپساوەی 13 ی حوزەیرانی لێ کەوتەوە، دەبوایە ڕوویەکی جوانی ئەو کارەساتە و مێژوویەکی نزیکی شاری سلێمانیت بنووسیایەتەوە بۆ نەوەی نوێ و لە لا یان بمانایەتەوە کە خەڵکی ئەو شارە چۆن کەوتنە بەرلێزمەی گوللە باران کردن لە پێناوی ئەوەی کە کەڵە شەهید و فەرماندەیەکی خاوەن 30 ساڵ خەباتیان بە سەر شانەوەبوو بۆ گۆڕستان. وەک لەم بەسەرهاتانەی کە نووسیوتە با بمێننە وە لای خەڵکی.

با تۆی بەڕیز و دۆژمنانی خاڵە عەفانیش بزانن کە ئەش زانن. . . . .

خاڵە عەفان لای خەڵکی کوردستان هەڵوێستی و خەباتی نەپساوەی گرنگ تر بوولە و بە سەر هاتە هەڵبەستراوەی چەواشەکاران کە دوایان خستوە، ڕۆژی 13ی حوزەیرانی شاری سلێمانی مێژوویی، گەواهی ئەو ڕاستیە ئەدەن کە چۆن خەڵکی شارەکەی بۆ نەوی نەکردنی تەرمی پیرۆزی لە ڕێورەسمی ناشتنیدا بە خوێنی ئاڵیان پاراستیان، ئەوە هەموو پاداشتی خۆراگری بوو دوور لە خۆ بە دەستەوەدان و فایلداریتی، واتە خاڵە عەفان لە دواکاتی ژیانی دا سەلماندی بۆ نەتەوەکەی ئەو بە بوێر و کوڕ گێڕی خەباتی نەتەوەکەی ناسراوە و مێژووش بە شانازیەوە ڕۆژانی پڕ سەروەری بۆ تۆمار کرد وەک پێشمەرگەیەکی خاوێن و هەتا کورد و مێژوو ش مابێ (خاڵە عەفان) بە سەروەر و فەرماندە و بوێر ناوزەدکراوە واتە دوور لە ورێنەی چەواشەکاران.

لەکۆتاییشدا ئەڵێم ئەوجەماوەرە دوای قسەی خۆشی خاڵە حەفان نەکەوتبوون بەڵکو ڕیز بوو لە مێژوو وخەباتی خاوێنی دوور لە خۆ بە دەستەوەدان و فایلداریتی ئەو شەهیدە بوو.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.